نێچیرڤان بارزانی و سودانی کۆبوونەوە

ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە 6/4/2024 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بەغدا لەگەڵ محەممەد شیاع ئەلسوودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ کۆبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم رایگەیاند:-لە کۆبوونەوەکەدا تێڕوانینی هاوبەش بۆ تەواوی پرس و بابەتە نیشتمانییەکان و جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق لە هەموو بوارەکاندا خرایە بەر باس.

لەمبارەیەوە هەردوولا جەختیان لە پابەندیی حکوومەتی فیدراڵ کردەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەپیرەوەچوونی داواکاریی هاووڵاتیان لە هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەروەها هاوڕا بوون لەسەر پێویستیی پشتگیریی دامەزراوە فیدراڵییەکان و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

لە کۆبوونەوەکەدا داکۆکی لە گرنگیی پشتگیریی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە

هە‌نگاوە‌کانی چاکسازیی حکوومە‌تی فیدراڵ کرایە‌وە‌ بە‌مە‌بە‌ستی بە‌رە‌وپێشبردنی گە‌شە‌پێدانی تە‌واو لە‌ وڵات و تێپە‌ڕاندنی کێشە‌ و بە‌ربە‌ستە‌کانی بە‌ردە‌می لە‌ بواری کارگیڕی و جێبە‌جێکاریدا.